# کوردستان

## دوای ئەو هەموو زانیارییە، لێبوردنی چی؟

## یان

## کڵۆڵی نەتەوەیەك

لەم دواییانەدا د. خەسرەو شاڵی، بە داوای د. شیروان موفتی سەرۆکی ڕێکخراوی "وێڵز بۆ یارمەتیدانی کورد" کتێبە دانسقەکەی (جوناتان سی. ڕانداڵ)ی ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری واشنتۆن پۆستی، لە زمانی ئینگلیزییەوە کردە کوردیەو، "ئەنستیتووی کوردی پاریس"یش بەچاپیگەیاند. . کتێبە ئینگلیزییەکە تا ئێستا دووجار چاپکراوە، چاپی یەکەمیان ساڵی ۱۹۹۷ لە ئەمەریکاو کەنەدا، دووەمیشیان ساڵی ۱۹۹۸ لە بەریتانیا. وەرگێڕانەکە لە چاپە نوێکەیەوە کراوە. . چاپە ئینگلیزییەکە لە یانزە بەش پێکهاتووە، بەڵام چاپە کوردییەکە دوانزە بەشە، دوا بەشیان نووسەر لە ۲۰۰۰/٦/۱۷دا، بەتایبەتی بۆ کوردییەکەی نووسیوەو، وەرگێڕیشی بۆناو لێنانی سەرپشککردووە، ئەویش "سەدەی بیستویەکەم و کێشە ئاڵۆزەکەی کورد"ی بۆ داناوە، چونکە ئەو بەشە تایبەتە بە بەسەرهاتەکانی کوردستانی سەدەو هەزارەی نوێ، هەر لە هاتنی خاتەمی و دەرچوونی چاکسازان لە هەڵبژاردنەکەی ئێرانەوە بیگرە بە گرتن و فڕاندنە بەدرۆەشتییەکەی "عەبدوڵا ئوچلان"ی سەرۆکی ـ پیێ کە کە- کە نووسەر، تورکیاو هەموو ئەو دەستە ڕەشانەی بەشداریان تیاداکردبوو تاوانبارکردووە، باری ئەوکاتەی عێراق و تا دەگاتە مەرگی "حافز ئەسەد"ی سەرۆکی سوریاو هاتنی "د. بەشار ئەسەد"ی کوڕیەو، لێکدانەوەیەکی ووردیشی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان کردووە. .

چاپە کوردییەکە ساڵی ۲۰۰۱ لە بەرگێکی قەشەنگداو بە قەوارەیەکی مامناوەندی، لە ٥٦٠ لاپەڕەدا دەرچووە. "ئاگاداری کەسوکارتتکردووە؟" ناونیشانی بەشی یەکەمە. خوێنەر هەر بە ناونیشانەکەدا دەزانێ، ڕانداڵ سەرەتا بۆ بیرۆکەی نووسینی پرۆژەکەی پرسی بەچەند شارەزایەکی باری کوردستان کردووە بە تایبەتی خۆرهەڵاتناسەکان و دیارە ئەوانیش ئەو ئامۆژگارییەیانکردووە. . بەشی دووەم "دوای زانیارییەکی وا چۆن لێبوردنێك؟" تەرخانە بۆ ئەو جۆرە سزایانەی کە لە سەردەمی عوسمانییەکانەوە بە ڕاگواستن و دەربەدەرکردن تووشی نەتەوەی کورد هاتووەو گەلێك نموونەی بۆ هێناوەتەوە. یەکێك لەوانە ڕاگوێزانی هەمەوەندەکانە بۆ لیبیا کە دوای حەوت ساڵ بە هەموو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. هەروەها سەبارەت بە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان و چۆنێتی سەرکوتکردنەکەیان و ئەو هەڵانەش کە سەرکردەکانیان تێیکەوتوون. گەلێ شتی نوێی باسکردووە. . ناونیشانی "هەڵخەڵەتاو"یشی بۆ بەشی سێیەم داناوە، ئەم بەشەیان بۆ ڕاپەڕینی ساڵی ۱۹۹۱ و ڕەوەکەو هاتنی پەیامنێرانی ڕۆژنامە ئەوروپایی و ئەمەریکاییەکان و کەوتنە ناو داوی گەڕانەوەی سەدام حسێن بۆ ناوچەکەو تێهەڵکێشکردنی کیمیابارانی کوردستانی ساڵی ۱۹۸۸ و هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر پەنابەرە زامدارەکانی کیمیاوی، کە ڕانداڵ خۆی لەو ماوەیەدا لە سەر سنووربووەو، باسی گەلێك کارەسات دەکات کە خۆی لە نزیکەوە ئاگاداری بووە. . بەشی چوارەم "مردن و چوونە بەهەشت" کە تایبەتە بە ساڵانی دوای ۱۹۷٤ و ڕۆیشتنی خوالێخۆشبوو مەلامستەفای بەرزانی بۆ ئەمەریکاو چۆنێتی ڕەفتاری حکومەتی ئەمەریکا لە گەڵیاو کاتی مردنەکەیو گەلێك نهێنی دی. . بەشی پێنجەم "کیمیاگەری کۆن ـ یان زێر بە ناڵی ئاسن بوون" کە ناونیشانێکی سەیرەو باس لە نەفیکردنی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفای بەرزانی بۆ سلێمانی دەکات و، ناونیشانەکەشی لەوەوە هێناوەتەوە کە

ڕۆژێك لەو نەفیکردنەیدا مەلا مستەفا دەست بە سەری خێزانەکەیدا دەهێنێ لەبری زێڕ نالّچە ئاسنینەکانی بەردەستدەکەوێ.

. بەشی شەشەم "کیسنجەر: کاری خێرخوازانەی ناو عەشیرەتێکی چیایی" تەرخانە بۆ ڕۆڵی ئەمەریکاو ئێران لە هەلگیرسانەوەی شەڕی ساڵی ١٩٧٤و، بەتایبەتی ڕۆڵی کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەوکاتەی ئەمەریکاو، ڕێککەوتنی جەزائیری نێوان شای ئێران و سەدام حسێن و ئەو نهێنیانەی ڕۆڵیان لەبەسەرهاتەکەدا بینیو دەستبەردانی ئێران لە شۆڕش و سەرجەم کارەساتەکانی دواتری. . بەشی حەوتەمیش تەرخانە بۆ یەکەمین پێوەندی بزووتنەوەی کورد بە ئیسرائیلەوەو ڕووداوەکانی دواتریو بەستنی چلەی مەرگی مەلامستەفا لە ئیسرائیل، کە ناونیشانی "سوالّکەرە کوێرەکە: چلەیەك بەبەشداری هەموو دنیا"یە. . بەشی هەشتەم تەرخانە بۆ کیمیا بارانەکانی کوردستان و جێبەجێکەری سەرەکی لەو کارەساتە ناهەموارەی گەلانی دنیا کردیانە هەراو دەولّەتانی زلهێزی دنیاش لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا هەولّی دەمکوتکردنی مێدیاکانی دنیایان دا. ڕاندالّیش پالّەوانی ئەو کارە نامرۆڤانەیە"عەلی کیمیاوی" کردۆتە ناونیشانی بەشەکە. . بەشی نۆیەم "بوومە لەرزە کۆمەلآیەتییەکەی تورکیا" کە ڕستەیەکی "یەشارکەمال"ی بۆ ڕێخۆشکردنی بابەتەکەی داناوە (ڕەنگە ئەنقەرە دەریاکەی پێووشکبکرێت، بەلاّم ماسییەکانی پێناگیرێت). هەر بەوەدا دیارە کە ئەم بەشە بۆ کوردستانی تورکیا تەرخانەو ڕۆلّی "پیَ. کە. کە"و پارتە کوردییەکانی دی باسدەکات و چاوپێکەوتنەکانی خۆشی لەگەلّ تورکۆت ئۆزال و گەلێك لە کاربەدەستە تورکەکان، کە هەندێکیان بە ڕەچەلّەك کوردن و ڕاندالّ هەولّی گرتنی ئەو دەمارەیان دەدات. هەروەها چاوپێکەوتنیشی لەگەلّ سەرۆکی پیَ. کە. کە عەبدولاّ ئۆچلان و چەند سەرکردەو خەلّکی ئاسایی تری ناوچەکەشدا کردووەو بە ووردیو قوولّی بارەکەی ئەوکاتەی شیکردۆتەوە. . بەشی دەیەمیشی تەرخانە بۆ شەڕی خۆکوژەی کورد کە ڕاندالّ بەناوی دانیشتوانی کوردستانەوە بەو جۆرە ناوی ئەو شەڕ ناهەموارە دەبات، ناونیشانی "بەرچایی سەگ"ی بۆ داناوەو زۆر بەووردی هەموو ئەو داوانە ئاشکرا دەکات کە بۆ نەتەوەی کوردی کلۆلّ تەنراوەو دواییەکەشی بە ٣١/ئابی ١٩٩٦ شکاوەتەوە. لەم ڕووەشەوە بۆخۆی لەکاتی شەڕی نێوان پارتی و یەکێتیدا لە ناو کوردستاندا بووەو هێندەی کوردێکیش خەفەتی لەو قوڕبەسەرییەی ئەو نەتەوە کلۆلّە خواردووە. . بەشی یانزەیەمیش ناونیشانی "ئەوکارەی بە نیوەناچلّی مایەوە"یە کە مەبەستی دەرپەڕاندنی سەدام حسێن لە کوێت و هێشتنەوەیەتی. هەر لە سەردەمی بووشەوە تا ماوەی حوکمی کلنتون باسدەکات و هەموو ئەو چاوپێکەوتنانەش دەخاتەڕوو کە لەگەلّ بەرپرسەکانی سەردەمی هەردوو بەڕێوەبەرایەتییەکەی ئەمەریکادا "بووش، کلنتن"و ئەو سەرکردە سەربازیانەی ڕۆلّیان لەو جەنگەدا هەبووە، کردویّتی. . .

ئەمە جگە لەوەی کە نووسەر لە کۆتایی کتێبەکەیدا پاشکۆیەکی ٤٤٧ پەراوێزیو دانانی هەموو ئەو سەرچاوانەی لە نووسینی کتێبەکەیدا سوودی لێوەرگرتوون و پێرستی ناوەکانیشی داناوە. .

"د. شیروان موفتی" سەرۆکی ڕکخراوی "ویلز بۆ یارمەتیدانی کورد"و "مورگان فرانسس"ی سکرتێری ڕێکخراوەکە، کورتە پێشەکییەکیان لە چەند دێڕێکدا نووسیوە تیایدا دەلّێن: ("کەی ئەی دەبلیو" بە هیوایە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بۆ کوردی، کە پێویستە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەو لاوانەی لە بڕیاری سیاسی دوارۆژی گەلەکەیاندا بەشداری دەکەن، جێی ڕەزامەندی گەلی کوردبێت. بڕواشمان وایە چارەسەری هەموو ئەو کۆسپانەی کە دێنە سەر ڕێی ئارەزووە پرشنگدارەکەی ڕێککەوتن، بکات. )

وەرگێڕ دارشتنەوەی کوردییەکەو نووسینی پێشەکییەکی بە "سالّح محەممەد ئەمین" سپاردووە، کە لەو پێشەکییەیدا ووتوویە (نووسەرێك گەر بییەوێت شتێك سەبارەت بە، ڕووداوێك، بەسەرهاتێك یان کارەساتێك بنووسێتەوە کە لە، کەسانێکی بیستبێت، لە دووتوێی کتێبێکدا خوێندبێتییەوە یان سەر بەلایەنێکی ململانێکەبێت، زۆر لەو کەسە جیاوازترە کە خۆی تیایدا ژیابێت و، مەرگەساتی ڕۆژگارەکەی بەچاوی خۆی دیبێت و تۆقاندبێتیان و مرۆڤێتییەکەیی لێدەرچێت هیچ شتێکی دی بە بەسەرهاتەکەیەوەی نەبەستبێتەوەو لەناخیشەوە کاریان تێکردبێت. ). ڕاندالّ لەم بەرهەمەیدا کۆی لە هیچ کەس و دەزگاو

دەوڵەتێك نەكردووە كە ڕۆڵیان لە شێواندنی كێشە ڕەواكەی كورددا هەبووبێ. . سەبارەت بە كتێبەكە "كریستوڤەر هیجنس" دەڵێ: (لەم لاپەڕانەی پەیامنێرێكی كارامەی جەنگەوە، كە لە هەموو كەسێكی دی زیاتر شارەزایی لە كێشەی كورددا هەیە، ڕاستی سەبارەت بە كوردستان دەخوێنیتەوە. "ڕاندال" كورد ووشیار دەكاتەوە. نووسینەكانی هەردەم لە ئەنجامی هەست و نەستێكی ڕاست و دیاریكراوی ئەو كارانەوە دێن كە لە بارەیانەوە دەدوێت. ). ئەم بەرهەمە پێشتر كراوەتە عەرەبی و بەناوی (أمة فی شقاق) ەوە چاپ و بلاوكراوەتەوە. ڕاندال لە ووشەیەكی كورتدا كە لە ١٧/ ٦/ ٢٠٠٠ دا بۆ چاپە كوردییەكەی نووسیوەو لە دوالاپەڕەی كتێبەكەدا بلاوكراوەتەوە دەڵێ: ( بە وەرگێڕانی ئەم كتێبە بۆ عەرەبی زۆر خۆشحاڵبووم، چونكە لەمەودوا ئیتر عەرەبەكان ناتوانن چارەنووسە پڕ لە ناسۆرەكەی سەدەی بیستەمی كورد لە یادبكەن. ئێستاش كە كتێبەكە بۆ كوردی وەردەگێڕرێت خۆشحاڵترم، تا كوردیش هەست بكات كە لە دونیایەكی فراوانتردا بایەخ بە مێژووەكەی دەدرێت. ). دەستخۆشی لە برای وەرگێڕ، د. خەسرەو شاڵی دەكەین و هیوای سەركەوتنی بۆ دەخوازین چاوەڕوانی بەرهەمی دی لێدەكەین. هەروەها بە توندی دەستی برایانی ڕێكخراوی "كاو. ویلز بۆ یارمەتیدانی كورد" دەگوشین و پیرۆزبایی یەكەمین ئاوڕدانەوەیان لە لایەنی ڕۆشنیریی كوردی لێدەكەین، هیوادارین تیایدا بەردەوامبن، پیرۆزبایی گەرمیشمان لە "ئەنستیتووی كوردی پاریس" كە ئەركی چاپەكەی لە ئەستۆگرتووە. خوێنەری كوردیش لە بەرتانیا ئاگادار دەكەینەوە كە كتێبە كوردییەكە لە ڕێكخراوی "ویلز بۆ یارمەتیدانی كورد" دەستدەكەوێ.

خوێنەری كوردیش ئاگادار دەكەین كە كتێبە كوردییەكە لە ڕێكخراوی ویلز بۆ یارمەتیدانی كورد دەست دەكەوێت. بەم ناونیشانە:

K. A. w
Pontcanna House
130 Llandaff Road
Canton
Cardiff CF11 9PW

نرخی كتێبەكە ١٥ پاوەندی بەریتانیاییە و هەقی پۆستەكەشی ٢و٩٥ پاوەندە بۆ بریتانیا. بۆ دەرەوەی ئەورووپاش نرخی پۆستەكە دەكەوێتە سەر كڕیار.

تێبینی ئەم ووتارە لە لاپەڕە ٤٩ ی پەیامی ژمارە ٣٣ ـ ٣٤ تشرینی یەكەم ـ نۆڤەمبەری ٢٠٠١ دا بلاوكراوەتەوە. حەزمكرد ئێوەی بەڕێزی لێئاگاداربكەم.